شوبهەی چوارەمی شەخس پەرستان

دەڵێن: ئێمە وەكو موشریكەكان ئیعتیقادمان بە بت و سەنەم نیە و هاواریان ناكەینێ و هیچ بت ناپەرستین. بەڵكو ئێمە ئیعتیقادمان بە (أولیاء الله) دۆستان و خۆشەویستانی خوا هەیە وەك پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان. وە هاوار دەكەینە ئەوان و داوا لەوان دەكەین.

كەواتە چۆن دۆستانی خوا (أولیاء الله) دەهێننە ڕیزی بت و سەنەم. وە چۆن ئێمەی ڕێز گرتوو لە خۆشەویستانی خوا دەهێننە ڕیزی بت پەرستان ؟

هەڵوەشاندنەوەی شوبهەی چوارەم

لەوەڵامدا ـ بە پشتیوانی خوا ـ دەڵێین:

ئەگەر وا گومان بەرن كە موشریكەكانی كۆن تەنها بت و سەنەمی ڕوت و بێ گیانیان دەپەرستن ئەوە دیارە زۆر نەفام و بێ ئاگان لە قورئان و حەدیس و مێژوو (تأریخ).

چونكە ئەگەر سەیری ئەم سێ سەرچاوانە بكەن بۆتان دەردەكەوێت كە موشریكەكانیش وەكو ئێوەی شەخس پەرست ونەفام، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان و فریشتەكان و جنۆكەیان دەپەرست. وە ئەو بتانەش كە دایان نابوون بریتی بوون لە پەیكەری پیاوچاكان و فریشتەكان و مەبەستیان هاوار كردنە پیاوچاكەكان بوو نەك بتە داتاشراوە بێ گیانەكان وەك لەم بەڵگانەی داهاتوودا دەردەكەوێت.

(أ) ـ بەڵگەی ئەوەی كە موشریكەكان جنۆكە شەیتانەكانیان دەپەرست

١ـ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِنَ الْإِنْسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا﴾ (الجن:٦)

واتە: لەبەرەی مرۆڤدا پیاوانێك پەنایان دەگرت بە پیاوانێك لە جنۆكەو داوای پەناگرتنیان لەئەوان دەكرد. وە داوای پەنا گرتنیش پەرستن بۆكردنەو دانانی جنۆكەیە بە پەرستراو واتە (إله)و شەریك بۆ خوا دانانە لە پەرستن بۆكردندا؛ بۆیە پەروەردگار دەیفەرموو:

٢ـ ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ...﴾ (الأنعام:١٠٠)

واتە: موشریكەكان جنۆكەیان دانابوو بە شەریك بۆ خوا لـە پەرسـتن و، پـەنا پێ‌گرتنـدا. چونكە ئیعتیقادیان وابوو كە جنۆكە سوودو زەرەر دەگەیەنن. لەكاتێكدا كە جنۆكە شایسـتەی ئەوە نین ئەم جۆرە ئیعتیقادەیان پێ ببرێت و پەنایان پی ٚ بگیرێت لەگەڵ خـوا؛ چـونكە جنۆكـە دروستكراوی خوایەو تەنها خوا خالیقە؛ كەواتە تـەنها خـالیق شایسـتەی ئـەم ئیعتیقـاد پـێ بوونەیە نەك دروستكراویش !!

٣ـ وەهەروەها لەم دوو ئایەتەی سورەتی(السـبأ) دا پـەروەردگار خەبـەرمان دەداتـێ كـە موشریكەكان فریشتەو جنۆكەیان دەپەرستن لەگەڵ خوادا، وەك دەفەرموێت:

[وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعاً ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلائِكَةِ أَهَؤُلاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ. قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنْتَ وَلِيُّنَا مِنْ دُونِهِمْ بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُمْ بِهِمْ مُؤْمِنُونَ] (سـبأ: ٤٠-٤١).

واتە: لـە ڕۆژی قیامـەت پـەروەردگار موشـریكەكان و پەرستراوەكانیشـیان لـە مەلائیكـە كۆدەكاتـەوە، واتـە موشـریكەكان و پەرستراوەكانیشـیان كـە فریشـتەكان بـوون، لەپاشـان پەروەردگار بە فریشتەكان دەفەرموێت: ئەوە ئەو موشریكانە ئێوەیان دەپەرست لەگەڵ خوا ؟!

فریشتەكانیش دەفەرموون:(سبحانك) واتە پاكی بۆ تۆیـە ـ ئـەی پـەروەردگار ـ لەهـەموو هاوبەش و شەریكێك و كەس شایستەی ئەوە نیە بكرێتە شەریكی تۆ لە پەرستندا.

وە ئێمە فەرمانمان بەو موشریكانە نەكردبوو كە غەیری تۆ بپەرستن و ئێمە بكەنە هاوبەشی تۆ لە پەرستندا؛ چونكە ئێمە بەندەی تۆین و تەنها تۆش پەرستراوو خۆشەویستی ئێمەی نـەك ئـەو موشریكانە دۆستمان بن و گوێڕایەڵمان بن و بە فەرمانی ئێمە شەریكیان بـۆ تـۆ قـەرار دابێ !!.

بەڵام موشریكەكان جنۆكە شەیتانەكانیان دەپەرسـت و گـوێ ڕایـەڵی ئـەوانیان دەكـرد بـۆ پەرستنی غەیری خواو شەیتانەكان هانیان دەدان هاوارو پەرستن بۆ پێغەمبـەران (علیهم الصـلاة والسلام) و فریشتەكان و جنۆكەكان و پیاوچاكان بكەن و ئـەم شـەریك بـۆ خـوا دانانـەیان بـۆ دەرازاندنەوە،و موشریكە نەفامەكانیش گوێ ڕایەڵی جنۆكە شـەیتانەكانیان دەكـردو زۆربـەیان باوەڕیان پێدەكردن و بە قسەیان دەكردن وەك خوا دەفەرموێت:

﴿بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُمْ بِهِمْ مُؤْمِنُونَ﴾.

وە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی شـەیتانەکان بریتی‌یـە لـە عیبـادەت بـۆ کردنیـان چـونکە گوێڕایەڵی کردن عیبادەتە. بۆیە پەروەردگار دەیفەرموو:

﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَنْ لا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ ﴾ (يـــس: ٦٠).

واتە: ئەی بەرەی ئادەم فەرمانم پێ‌نەکردن کە شەیتان نەپەرسـتن. **(وە پەرسـتنی شـەیتان بریتی‌یە لە گوێ ڕایەڵی کردنی شەیتان لەوەدا کە هاوار بکەینە پێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام) **و فریشتەکان و پیاوچاکان و جنۆکەکان و پەنا بە ئەوان بگرین و سەر بڕینیان بـۆ بکـەین و ئیعتقادی سوودو زەرەرمان پێیان بێت)**.

وە بۆیە ئەگەر هاوار بکەنە هەر شتێك و پەرستن بۆ هەر یەکێك بکەن جگە لە (ﷲ) ئـەوە هاوارتان کردۆتە شەیتان و ئەوتان پەرستووە؛ چـونکە بـە قسـەی شـەیتان هاوارتـان کردۆتـە غەیری خواو گـوێ ڕایـەڵی شـەیتانتان کـردووە لـە هاوارکردنـە غـەیری خـوا. وە زانیشـمان گوێڕایەڵی شەیتان یەعنی پەرستنی شەیتان. وە پەرستنی شەیتان هەر ئەوە نیە کـە سـوجدەو ڕکوعی بۆ ببەن !!.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿إِنْ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا إِنَاثاً وَإِنْ يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَاناً مَرِيداً﴾ (النساء:١١٧)

واتە: هاوار ناکەنە هیچ یەکێ غەیری خوا، تەنها هاوار دەکەنە شـەیتان و ئـەو دەپەرسـتن و هاوارەکەیان بەو دەگات، ئەگەر بە گومانی خۆیان هاواریشیان کردبێتە پێغەمبـەران (عليهم الصلاة والسلام) و پیاوچاکان و فریشتەکان، چـونکە پێغەمبـەر ﷺ و پیاوچـاك و فریشـتەکان ڕازی نـین هاوار بکرێتە ئەوان نە لەگەڵ خوا، وە نە بەبێ خـوا (سـەربەخۆ). وە ئـەوەی کـە ڕازی‌یـە بـە هاوارکردنە غەیری خوا تەنها جنۆکە شەیتانەکانن و ئەوان لە پێش چاوی خەڵکی ئـەم شـیرکە دەڕازێننەوەو بەناوی لە خوا نزیك بوونەوەو وەسیلە دانان و خۆش ویستنی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و پیاوچاکان و ڕێزگرتن لێیان خەڵکی تووشی شیرك دەکەن !!

(ب)ـ بەڵگەی ئەوەی کە موشریکەکان پێغەمبەران و چاکەکاران و فریشتەیان دەپەرست

لە زۆر ئایەتی قورئاندا بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەرانیش (علیهم الصلاة والسلام) دەپەرستران و کرابوون بە پەرستراو (إله) لەگەڵ خوادا. وەك: ((عیسا)) وەهەروەها چاکەکارو صاڵحانیش پەرستراون و کراون بە (إله) وەك ((مریم))ـەی دایکی((عیسا)) ـ علیهما السلام ـ.

بۆیە پەروەردگار ڕۆژی قیامەت ڕوو دەکاتە (عیسا) و پێی دەفەرموێت:

(١)ـ [وإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ **اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ** قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ] (المائدة:١١٦)

واتە ئەی (عیسا)ی کوڕی (مریم) ئەوە تۆ بە خەڵکیت وتووە: من و دایکم بکەن بە دوو پەرستراو ؟

(عیسا) لە وەڵامدا دەفەرموێت: (سبحانك) پاکی بۆ تۆیە ـ ئەی پەروەردگار ـ لە هەموو هاوەڵ و شەریکێك. بۆ من نەهاتووەو شایستەی من نیە شتێك بە خەڵکی بڵێم کە مافی من نەبێت بەڕاستی، واتە پەرستن تەنها مافی تۆیە ئەی خوایە وە بۆمن نیە بڵێم بم پەرستن لەگەڵ خوا !!...

کەواتە: موشریك و کافرەکان تەنها بەردو دارو بت و سەنەمی بێ گیانیان نەدەپەرستن بەڕووتی، بەڵکو پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و چاکەکارانیشیان دەپەرستن و دەیان کردن بە(إله) لە پەرستن بۆ کردن و هاوار لێ کردن، نەك لە دروست کردن و پەروەردگاریێتیدا!!

* وە بەڵگەی تریش لە قورئان زۆرە کە موشریکەکان پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و فریشتەیان دەپەرستن وەك ئایەتی:

(٢)ـ[**وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ** فَيَقُولُ أَأَنْتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِي هَؤُلاءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبِيلَ ؟ قَالُوا سُبْحَانَكَ مَا كَانَ يَنْبَغِي لَنَا أَنْ نَتَّخِذَ مِنْ دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَاءَ وَلَكِنْ مَتَّعْتَهُمْ وَآبَاءَهُمْ حَتَّى نَسُوا الذِّكْرَ وَكَانُوا قَوْماً بُوراً] (الفرقان: ١٧-١٨) .

واتە: پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا كۆدەكاتەوە موشریكەكان و پەرستراوەكانیشیان جگە لە (الله) كە بریتی بوون لە فریشتەو پێغەمبەر (عیسا) و (عوزەیر) وەك لە ئایەتەكانی پێشوودا دەركەوت. وە پەروەردگار بە پەرستراوەكان دەفەرموێت: ئایا ئێوە بەندەكانی منتان گومڕا كردووەو پێتان وتوون ئێمە بپەرستن لەگەڵ خوا ؟! یان خۆیان لە خۆیانەوە بێ قسەی ئێوە گومڕا بوون و ئێوەیان دەپەرست؟

لە وەڵامدا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) **و فریشتەكان دەفەرموون:**

(سبحانك) **واتە پاكی بۆ تۆیە لە هەموو وێنەو هاوشێوەو شەریكێك. شیاوی ئێمە نەبووە كە غەیری تۆ دۆستمان هەبێت وە شیاوی بەرەی دروست كراوان نیە كە غەیری تۆ بپەرستن و پەرستراوی تریان هەبێت..**

(ج)ـ وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی موشریكەكان ئەو پیاوانەشیان دەپەرستن كە بە چاكیان دادەنان ئەمانەن:

بەڵگەی یەكەم: قورئان بۆمان باسی قەومی نوح دەكات كە پێنج پیاوچاكیان دەپەرستن، ناویان:(ود) **و** (سواع) **و** (یغوث) **و** (یعوق) **و** (نسر) **بوو.**

وەك پەروەردگار لە سوڕەتی(نوح:٢٣،٢٤)بە درێژی بۆی باس كردوین كە كێشەی (نوح عليه السلام**) لەگەڵ قەومەكەی لەسەر ئەوە بوو كە نوح بانگی دەكردن بۆ پەرستنی خوا بە تەنهاو وازهێنان لەپەرستنی ئەو پێنج پیاو چاكەی كردبوویانن بەپەرستراو (إلـه)و ئیعتیقادیان پێیان بوو و پەرستنیان بۆ دەكردن. بەڵام قەومەكەی بەردەوام بوون لەسەر پەرستنیان و وازیان لێ نەدەهێنان و بەیەكتریان دەوت:**

[وقالوا لا تذرنَّ آلهتكم، ولا تذرنَّ وداًّ ولا سواعاً ولا يغوثَ ويعوقَ ونسراً، وقد أضلُّوا كثيراً] نوح.

واتە: واز مەهێنن لە پەرستراوەكانتان و واز لەم پێنج پەرستراوانە مەهێنن.

وعن ابن عباس: صارت الأوثانُ التي كانت في قوم نوحٍ في العرب بعدُ، أما ((ودٌّ)) كانت لكلبٍ بدوْمة الجندل، وأما ((سواع)) كانت لهُذيلٍ، وأما ((يغوثَ)) فكانت لمرادٍ، ثم لبني غُطيفٍ بالجوف عند سبأ. وأما ((يعوقُ)) فكانت لهمدانَ. وأما ((نسر)) فكانت لحمْيَر، لآل ذي الكلاعِ، **أسماءُ رجالٍ صالحين من قومِ نوحٍ. فلما هلكوا أوحى الشيطان إلى قومهم: أن**

انصبوا الى مجالسهم التي كانوا يجلسون أنصاباً وسمُّوها بأسمائهم فَفعلوا. فلم تُعبدْ، حتى إذا هلك أولِئك و تَنسَّخَ العلمُ عُبدتْ)[1].

واتە: پەرستراو(آلهة)ـەکانی قـەومی نـوح مانـەوە، تـا کـاتی عەرەبـە نەفامـەکانیش، وەئەوانیش دەیان پەرستن تا دوای ناردنی پێغەمبەریش ﷺ وەهەریەك لەم پێنج پەرستراوانە بوون بە پەرستراوی ناوچەیەك لەناوچەکانی عەرەبەکان بەم شێوەیە:

یەکەم: (ود) پەرستراوی نەوەو عەشیرەتی (كلب) بوو لە شوێنێك بەناوی (دَوْمَة الجندل) لە جیهەتی شام لەناو خاکی سعودیە .

دووەم: (سواع) پەرستراوێکی هوزەیلیەکان بوو، کە لە ناوچەی حیجاز، نزیك (مەککە).

سێهەم: (يغوث) پەرستراوی موڕادیەکان بوو، لە ناوچەیەکی وڵاتی (یەمەن). وە دوایـی ئەم بتە بوو بە پەرستراوی نەوەکانی (غُطَيف) لە شاری (جوف) لای سبأ.

(چوارەم): (يعوق) پەرستراوی عەشیرەتی هەمدانیەکان بوو (هەمـدان) عەشـیرەتێکی گەورەیە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی (یەمەن).

(پێنجەم): (نسر) پەرستراوی (آل ذي الكلاع) بوو کە (حیمیەرین) و یەمەنین.

بەم شێوەیە ئەم پێنج پەرستراوانەی قەومی نوح مانەوە لەناو عەرەبەکانداو هەریەکەیان بـوو بە پەرستراوی ناوچەیەکی عەرەبەکان.

وە لەبنەڕەتدا ئەم پێنج ناوە ناوی پێنج پیاوچاکی قـەومی نـوح بـوون. کاتێـك کـە مـردن، خەڵکەکە زۆر بە پەرۆش بوون بۆیان و شەیتانیش ئەمەی بە هەل زانی بۆیە وەسوەسەی خسـتە دڵی خەڵکەکەو هانیدان پەیکـەرو وێنـەی ئـەو پیاوچـاکانە دروسـت بکـەن و لـە دانیشـگاو پەرستگاکانیاندا دایـان بنـێن بۆئـەوەی وەکـو ئـەوان خـوا پەرسـتی بکـەن. وە خەڵکەکـەش پەیکەرەکانیان دروست کردن و هەریەکەی بەناوی خۆیەوە. وە نەیان دەپەرستن. تاوەکو ئەو جیلە مردن و جیلی تازە هاتن کە نەیان دەزانی باب و باپیرانیان بۆ چ مەبەستێك دروستیان کـردون. وە شەیتانیش جارێکی تر هەلی بۆ ڕەخساو وەسوەسەی خستە ناو دڵـی ئـەم جیلـە تازەیـەو وای تێگەیاندن کە پێشینەکانیان بە واسیتەی ئەوان داوایان لە خوا دەکردو بەپەرستنی ئـەوان لـە

---

(١) (صحيح البخاري) (٤٩٢٠) .

خوا نزیك دەبوونەوە؛ چونكە ئەم پێنجە پیاوچاك و لە خوا نزیك بوون ! بەم شێوەیە پلە بە پلـە شەیتان ڕایكێشان بەرەو پەرستنیان و پەرستران.

وە ئەم سوننەتە نەفامیە شیركیە ، درێژەی كێشـا تـا سـەردەمی پێغەمبـەر ﷺ و گەیشـتە عەرەبەكانیش.

كەواتە لەم ئایەتەی سوڕەتی (نوح) و تەفسیرەكەی لەلایـەن (ابــن عبــاس)ــەوە چـەند ڕاستیەكمان بۆ دەركەوت:

١ـ سەرەتای دەركەوتنی شیرك بۆ خوا دانان لە پەرستندا لە قەومی (نوح)ەوە دەستی پـێ كرد.

٢ـ شەریك بۆ خوا دانانەكەیان بریتی بوو لە پەرستنی پیاوچاكانی مردوو لەگەڵ خوا.

٣ـ ئەو بت و پەیكەرەی كە دەیان پەرستن مەبەستیان پێی خودی ئـەو بتانـە نـەبوو بـەڵكو مەبەستیان ئەو پیاوچاكانە بوو كە پەیكەرەكانیان بۆ داتاشی بوون .

٤ـ سەبەبی شیرك بۆ خوا دانان زێدەڕەوی بوو لە پیاوچاكان و ئیعتیقاد پێ بوونیان.

٥ـ لەسەردەمی عەرەبەكانیش بتی ئەو پێنچ پیاوچاكانەی قەومی (نوح)یان دەپەرستن.

٦ـ خوای گەورە پێغەمبەرانی(علیهم الصلاة والسلام) ناردن یەك لـەدوای یـەك لـە (نـوح)وە تـا (محمد) سەلامی خوایان لەسەر بێت بۆ بـانگ كردنـی خـەڵكی بـۆ خواپەرسـتی بـە تـەنها و وازهێنان و دوور كەوتنەوە لە پەرستنی ئەو پیاوچاكانەو غەیری ئـەوانیش هـەر یـەكێكی تـر پەرسترا بێت لەغەیری خوا.

كەواتە: ئەوەی مەبەستمان بوو لە ئایەتەكەی سوڕەتی (نوح)و تەفسـیرەكەی ابـن عبـاس ئەوە بوو كە بزانرێت موشریكەكانی كۆن پیاوچاكانیان دەپەرستن و یەكەم شیرك كە پەیـدا بـوو بریتی بوو لە پەرستنی پیاوچاكان. كەوابوو شوبهەی شەخس پەرستانی ئەمڕۆ ڕاسـت نیـە كـە دەڵێن: موشریكەكان تەنها بت و بەردو داریان دەپەرست بەڵام ئێمە بـت پەرسـت نـین، بـەڵكو هاوار دەكەینە پیاوچاكان. چونكە بۆمان دەركەوت كە موشریكەكانیش شیركەكەیان بریتی بوو لە پەرستنی پیاوچاكان و داواكردن لە ئەوان.

وە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تەفسیرەكەی ابن عباس وتەی چەند زانایەك دەخەینە ڕوو تا زیـاتر بۆت دەركەوێت كە قەبر پەرستی ئەم سەردەمە ، جیاوازی نیە لەگـەڵ بـت پەرسـتی سـەردەمی

موشریكەكان و هەردوولایان پیاوچاك پەرستن، بەڵام پێشینەكان وێنەو پەیكەریان بۆ داتاشی بوون و شوێن كەوتەكانیشیان لەم سەردەمە وێنەو قەبرەكانیان دەپەرستن:[١]

---

(1)* **ابن حجر الشافعي لە شەرحی ئەم ڕیوایەتەدا دەفەرموێت:**

(ذكر السهيلي أنَ يغوثَ هو ابن شيث بن آدم فيما قيل، وكذلك سواع وما بعده **وكانوا يتبرّكون بدعائهم، فلما مات منهم أحدٌ مثلوا صورته وتمسَّحوا بها الى زمن مهلائيل فعبدوها بتدريج الشيطان لهم،** ثم صارتْ سنَّة في العرب في الجاهلية، ولا أدري من أين سرتْ لهم تلك الأسماء؟ من قِبَل الهند... أم الشيطان ألهمَ العرب ذلك. إنتهى وما ذكره مما نقلهُ تلقاهُ من تفسيرِ بقيَ من مخلد... وفيه أن تلك الاسماء وقعت الى الهند فسموا بها أصنامهم ثم أدخلها الى أرض العرب عمرو بن لُحي))فتح الباري :٩/٦٧٠.

* **ابن جرير الطبرى الشافعي بۆمان دەگێڕێتەوە لە** محمد بن قيس:

(أن يغوث ويعوق ونسراً كانوا قوماً صالحين من بني آدم وكان لهم أتباعٌ يقتدون بهم. فلما ماتوا قال اصحابهم: لو صورناهم كان أشوقُ لنا الى العبادة؛ فصوروهم، فلما ماتوا وجاء آخرون دبَّ إليهم إبليس فقال: إنما كانوا يعبدونهم وبهم يسقون المطر. فعبدوهم).

* **و الامام القرطبي: فەرموویەتی:**

(وإنما صورَ أوائلهم الصُّورَ ليتأسوا بهم ويتذكروا أفعالهم الصالحة، فيجتهدوا كاجتهادهم، ويعبدوا الله عند قبورهم. ثم خلفهم قومٌ جهلوا مرادهم فوسوس لهم الشيطان، أن أسلافهم كانوا يعبدون هذه الصُّور ويعظّمونها).

* **والإمام ابن قيم الجوزية فەرموویەتی:**

(وما زال الشيطان يوحي الى عُبادِ القبور ويلقي إليهم:

١ــ أنّ البناء والعكوف عليها من محبة أهل القبور من الأنبياء والصالحين، وأن الدعاءَ عندها مستجابٌ، ثم ينقلهم من هذه المرتبة الى:

٢ـ الدعاء بها، والإقسام على الله بها، فإنّ شأنَ الله أعظمُ من أن يُقسمَ عليه أو يسألَ بأحدٍ من خلقه؛ فإذا تقرّرَ ذلك عندهم نقلهم منه الى:

٣ـ دعائه وعبادته؛ وسُؤاله الشفاعة من دون الله، واتخاذ قبره وثناً تُعَلّقُ عليه القناديلُ والستور، ويطاف به ويُستَلم ويُقبَّلُ؛ ويحجَّ إليه ويذبحُ عنده.

بەڵگەی دووەم: وە یەکێك لە پەرستراوە (إله)کانی موشریکەکانی عەرەب بریتی بوو لە (لات) وەك قورئان باسی کردووە دەفەرموێت:

﴿ أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى. وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى ﴾ (النجم:١٩،٢٠).

وە ئەو بتەی کە ناوی (لات) بوو لە بنەڕەتدا پیاوێك بوو خزمەتی حاجیەکانی دەکرد. وە کاتێك کە مرد لەسەر قەبرەکەی دەمانەوەو وورده وورده ئیعتیقادیان پێ زیاد دەبوو تا گەیشتە ئەوەی پەرستنیان بۆ دەکردو پەیکەریان بۆ داناو بوو بە بت و پەرستراو (إلە)ی موشریکەکان. بەڵگەش لەسەر ئەوە:

١- ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە(عن ابن عباس ـ رضي الله عنهما ـ **في قوله** (اللات والعزى) **کە فەرموویەتی:** (كان اللات رجلاً يلتُّ سويقَ الحاج)[1]

٢- وە ابن جرير الطبري المفسِّر: ڕیوایەتی کردووە لـە قتادة وابن عباس ومجاهد وابن زيد: (أن اللاتَّ بتشديد التاءِ. رجلٌ كان يلت السويق للحاج فمات فعكفوا على قبره فعبدوه)[2]

فإذا تقرّر ذلك عندهم نقلهم منه إلى:

٤ـ دعاء الناس الى عبادته، واتخاذهِ عيداً ومنسكاً، ورأوا أنّ ذلك أنفع لهم في دنياهم وأخراهم.

وكل هذا مما قد عُلِمَ بالإضطرارِ من دينِ الإسلام أنّه مضادٌّ لما بعث الله به رسوله ﷺ من تجريد التوحيد، وأن لايعبد إلا الله.

فإذا تقرّرَ ذلك عندهم نقلهم منه إلى:

٥ـ أنّ من نَهَى عن ذلك فقد تنقّص أهل هذه الرتب العلية وحطهم عن مترلتهم، وزعم أنه لا حرمة لهم ولا قدر، فغضب المشركون واشمأزّت قلوبهم، كما قال تعالى: ﴿ وإذا ذكر اللهُ وحده آشمأزّتْ قلوب الذين لايومنون بالآخرة، وإذا ذكر الذين من دونه إذا هم يستبشرون ﴾

وسرى ذلك في نفوس كثيرٍ من الجهال والطغام؛وكثير ممن ينتسب الى العلم والدين، حتى عادوا أهل التوحيد و رَمَوْهم بالعظائم ونفَّروا الناس عنهم، و والَوْا أهل الشرك وعظّمُوهم، وزعموا أنهم أولياء الله وأنصار دينه ورسوله، ويأبى الله ذلك [وما كانوا أولياءَهُ، إنْ أولياوه إلا المتقون﴾ **بروانە** فتح المجيد (٢٢٤ — ٢٢٨).

(١) صحيح البخاري(ك ٦٥ / ب ٢) .

(٢) تفسير الطبري (٢٧ / ٥٨ ــ ٥) .

كەواتە بتەكانی موشریكەكان تەنها دارو بەرد نەبوون بەڵكو قەبری ئەو پیاوانەش بوو كە بە خوا پەرست و چاكیان دادەنان و بتیان بۆ دانابوون و دەیان پەرستن.

بەڵگەی سێهەم: هەروەها لە دوو ئایەتی تریشدا بۆمان دەردەكەوێت كە پیاو چاكان پەرستراون لەگەڵ خوای پەروەردگارداو، هاواریان كراوەتێ لەلایەن موشریكەكانەوە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُمْ مِنْ دُونِهِ فَلا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنْكُمْ وَلا تَحْوِيلاً . أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُوراً ﴾ الاسراء:٥٧-٥٨.

واتە: ئەی محمد: بفەرموو بە موشریكەكان: ئەوانەی كە ئێوە هاواریان دەكەنێ لە غەیری خوا بۆ ئەوەی ناڕەحەتیتان لەسەر لابەرن و سوودتان پێ بگەیەنن و لە خوا نزیكتان بكەنەوەو شەفاعەتتان بۆ بكەن، ـ بفەرموو ـ ئەوانەی كە هاواریان دەكەنێ و ئیعتیقادتان پێیانە جگە لە خوا هیچیان بە دەست نیەو لە دەسەڵاتیاندا نیە ناڕەحەتیتان لەسەر لابەرن، یان بیگۆڕن بە ئاسان تر. چونكە ئەوانەی ئێوە هاواریان دەكەنێ و داوایان لێ دەكەن خۆیان دەیانەوێت لە خوا نزیك ببنەوە بە كردەوەی چاكەو گوێ ڕایەڵی خواو ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازە ڕاستەكەی، وە موونافەسەو پێش بڕكێیانە لە نزیك بوونەوە لە خوا بە كردەوەی چاكە. وە خۆیان ڕەجای ڕەحمەتی خوا دەكەن بۆ خۆیان و بە ئومێدی میهرەبانی پەروەردگارن و دەشترسن لە سزای خوای گەورە؛ چونكە سزای پەروەردگارت پێویستە مرۆڤ لێی بترسێت و خۆپارێزی لێ بكات !!

كەواتە ئەوانەی كە ئێوە ـ ئەی موشریكەكان ـ هاواریان دەكەنێ و ئیعتیقادی خێرو شەڕتان پێیانە، خۆیان بۆ نەفسی خۆشیان خێرو شەڕو سوودو زەرەریان بەدەست نیەو خۆیان لە خوا دەترسن سزایان بدات، وە كردەوەی چاكە دەكەن بۆ ئەوەی لە خوا نزیك ببنەوەو ڕەحمەتی خوایان بەركەوێت و لە سزاكەی ڕزگاریان بێت.

جا یەكێك خۆی ئەوە حاڵی بێت چۆن دەبێت هاواری بكرێتێ و داوای هێنانی خۆشی و لادانی ناخۆشی لێ بكرێت ؟!

وە لە لایەکی ترەوە لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت کە ئەوانەی موشـریکەکان هاواریـان دەکەنێ تەنها بێ گیان و بێ عەقڵ و بەردو دارو خۆرو مانگ و ئەسـتێرە نـەبـوون. بەڵـکـو پیاوچاکان و پێغەمبەرانیش بوون هەروەك لێرەدا دەرکەوت.

چونکە بێ‌گیان و بت و سەنەم، کردەوەی چاکە ناکات و هەوڵی لەخوا نزیك بوونەوە نادات و ڕەجای ڕەحمەتی خوا ناکات و لە سزای خوا ناترسێت؛ چـونکە ئـەم سـیفات و کارانـە سـیفاتی گیان لەبەرێکی عاقڵی چاکن. نەك سیفاتی بێ گیانی بێ عەقڵ بن[1].

وە شێخ ابن عثیمین لە(القول المفید شرح کتاب التوحید)(١٨٤/١)**دا فەرموویەتی:**

---

(١) **لە کتابی** (قرة عيون الموحدين)دا **هاتووە لە تەفسیری ئەم ئایەتـەدا:**(وفيه الردّ على من ادعى أن شرك المشركين إنما هو بعبادة الاصنام وتبيَّن بهذه الآية أنَّ الله تعالى أنكر على من دعى معه غيره من الأنبياء والصالحين والملائكة ومن دونهم، وأنَّ دعاء الأموات والغائبين لجلب نفعٍ ودفع ضرٍّ من الشركِ الأكبر الذي لا يغفره الله، وأنَّ ذلك ينافي ما دلَّتْ عليه كلمة الإخلاص).

فتدبّر هذه الآية العظيمة يتبيَّن لك التوحيد، وما ينافيه من الشرك والتنديد؛ فإنها نزلت فـيمن يعبُدُ الملائكةَ والمسيحَ وأُمهُ والعزير، فَهُم المعنيّون بقوله تعالى: ﴿ قل ادعوا الذين زعمتم من دونـه فلا يملكون كشفَ الضرِّ عنكم ولا تحويلاً ﴾ ثم بيَّن تعالى أنَّ هولاءِ المشركين قد خالفوا ماكـانوا يدعونهُ في دينه فقال: ﴿ أولئك الذين يدعون يبتغون الى ربهم الوسيلة أيُّهُم أقربُ ﴾ وقدَّمَ المعمول لِأنَّهُ يفيد الحصر يعني يبتغون الى ربهم الوسيلة لا الى غيره. وأعظم الوسائل الى الله تعالى التوحيـد الذي بعث به الله أنبياءهُ ورُسُلَه. وخلق الخلق لِأجلهِ.

ومن التوسل اليه: التوسل بأسماءِ وصفاته... وغير ذلك من الأعمال **الصالحة الخالصة** الـتي لم يَشُبْها شركٌ. فالتوسلُ الى الله هو بما يحبهُ ويرضاهُ، لا بما يكرههُ ويأباهُ من الشرك الذي نزَّهَ نفسـهُ عنه... ثم قال:

وأما ما ورد في معنى الآية عن ابن مسعودٍ قال: ((كان ناسٌ من الإنس يعبدون ناساً من الجن، فَأسلم الجنُّ وتمسَّكَ هؤلاءِ بدينهم)). فإنَّه لا يخالفُ ما تقدمَ؛ لِأنَّ هذه الآية حجة على كلِ من دعا مع الله ولياً من الأولين والآخرين... فإنَّ الآية تعُمُّ من كان معبودهُ عابداً لله سواء كان من الملائكةِ أو من الجنِّ أو من البشر) (٤٣ ـــ ٤٤ ـــ٤٥) بإختصار .

(وهذا ينطبق على كل من دُعيَ، وهو داعٍ؛ كعيسى ابـــن مـــريم، والملائكـــة، والأوليـــاء، والصالحين.

وأما الشجر والحجر؛ فلا يدخل في الآية) .

واتە: ئەو حاڵەت و سیفاتانە لە هەموو یەكێكدا دێتەجێ كە هـاواری بكرێتـێ و ئـەویش خۆی هاوار بكاتە خواو خۆی داوا لە خوا بكـات، وەك عیسـای كـوڕی مـریم و فریشـتەكان و پیاوچاكان.

بەڵام دارو بەرد ناچنە ناو ئایەتەكەوە؛ چونكە ئەو سیفاتانەیان نین.

لە كۆتایدا بۆمان دەركەوت كە ئەم ئایەتەش ئاشـكراترین بەڵگەیـە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی شوبهەی هاوبەش پەیداكەران، كە دەڵێن موشریكەكان بەوە بە كافر دانران كە هاواریان دەكردە بەردو دارو بت و سەنەم، بەڵام ئێمە بت و سەنەم ناپەرستین و هاوارو داواكاریمان لە پیاوچـاكان و پێغەمبەرانە (عليهم الصلاة والسلام) !! .

وە بۆمان دەركەوت كە هاوار كردنە پیاوچاكان لەلایەن خەڵكی ئەمڕۆ داواكردن لە قـەبرو مردوو یان لە زیندووی غائیب. وە ئەم كارەی خەڵكی لەسەر قەبر دەیكەن وەك: هـاوار كردنـە مردووان و داواكردن لێیان و سەربڕین لەسەر گۆڕیان و ترسان لێیان، هیچ فەرقی نیـە لەگـەڵ حاڵی موشریكەكانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لەم ڕوانگەیەوە.

وە ئەگەر بڵێن: چۆن ئەو ئایەتانەی باسی موشریكە بت پەرسـتەكان دەكـات بەسـەر ئێمەی موسڵمانی هاواركردووە شێخ و پیاوچاكاندا تەتبیق دەكەن ؟!

لە وەڵامدا دەڵێین:

١ـ عیبرەت بە عمومی لەفزەكانی قورئانە ، نەك بەهۆی دابەزینی ئایەتەكە بە تایبەتی، وەك زانراوە لای زانایانی (أُصُولُ الفِقه) **كە دەڵێن:** (العبرةُ بِعُمُومِ اللفظ لا بِخُصُوصِ السَّبَبِ).

وە لەفزی ئایەتەكان گشتین و گشت ئەوانە دەگرنەوە كە هاواریان دەكرێتێ لە غەیری خـوا؛ جا زیندووی غائیب بن یان مردوو؛ لە پیاوچاكان و پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسـلام) **و جنۆكـەكان و دارو بەردو خۆرو مانگ و ئەستێرەو بت و سەنەم و گیاندارو بێ گیان و عاقڵ و ناعاقڵ. گشت ئەوانە دەگرێتەوە. هەروەك لە تەفسیری (الْمُيَسَّر)دا تەفسیری ـ ئایەتی (٥٦، ٥٧)ی الإسراء بەم شێوەیە كراوە:**

(وهذه الآية عامةٌ في كل ما يُدعى من دون الله، ميِّتاً كان أو غائباً، من الأنبيـاء والصالحين وغيرهم، بلفظ الاستغاثة أو الدعاء أو غيرهما، فلا معبود بحقٍ إلاّ الله).

٢ـ وەهەروەها جگە لەو گشتێتی (عمومی) یەی مانای ئایەتەكانیش، چەندان ئایەتی ترمان باس كرد بەڵگە لەسەر ئەوەی كە موشریكەكانی ڕابردوو بۆیە بەكافرو موشریك دادەنران؛ چونكە هاواریان دەكردە پیاوچاكان و پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) **و فریشتەو جنۆكە، نەك هەر لەبەر ئەوە بە موشریك حیساب كرابن چونكە هاواریان دەكردە بت و سەنەم و ئەوانیان دەپەرست !!. چونكە بۆمان دەركەوت كە بت و سەنەمەكەش بۆ فریشتەو پێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكان دانرابوون و بەناوی ئەوان دەپەرستران و هاواریان دەكرایە.**

وەهیچ جیاوازی نییە لەنێوان بت پەرستی و قەبر پەرستی و شەخس پەرستی. چونكە هەر یەكێك بپەرسترێت غەیری خوا ئەوا هەر شیركە، جا فریشتەیەكی لەخوا نزیك بێت، یان پێغەمبەرێكی نێردراوی خوا بێت، یان پیاوچاكێك بێت، یان شەیتانی لەعنەت لێكراو بێت !!؛ چونكە هیچ یەكێك جگە لە خوا شایستەی پەرستن نیە[1].

---

(١) **ئیمامی الصنعانی فەرموویەتی:**

(والنذر بالمال على الميّتِ ونحوه، والنحرُ على القبر والتوكّلُ به وطلب الحاجات منه هو بعينه التي كانت تفعله الجاهلية، وإنّما كانوا يفعلونه لِما يُسمُّونه وثناً وصنماً وفعله القبوريّون لما يسمّونه ولياً وقبرا ومشهداً، والأسماءُ لا أثرَ لها ولا تغير المعاني،ضرورةٌ لغوية و عقليّة وشرعية، فـإنَّ مَـنْ شَرِبَ الخمرَ وسمَّاها ماءً، ما شرِب إلا خمراً وعقابه عقاب شارب الخمر. ولعله يزيدُ عقابه للتدليس والكذب في التسمية.

وكذلك تسمية القبر مشهداً، ومن يعتقدون فيه ولياً: لا يخرجهُ عن اسم الصنم والوثن، إذ هم معاملون لها معاملة المشركين للأصنام. ويطوفون طواف الحجاج ببيتِ الله الحرام، ويستلمونهم استلامهم لأركان البيت، ويخاطبون الميِّتَ بكلمات كفرية من قولهم: على الله وعليك، ويهتفون بأسمائهم عند الشدائد ونحوها. وكل قوم لهم رجلٌ ينادونه... وهذا هو بعينه فعل المشركين في الأصنام)) (تطهير الاعتقاد) .